# سێگۆشەیەک

**ناڵە حەسەن**
**(کەنەدا)**

من لەنێو سێگۆشەیەکی
ڕەنگ خۆڵەمێشی هاتمە دنیا
هەر لەنێو ئەم سێگۆشەیەدا
بۆ یەکەمین جار
چاوم بە ڕووناکییەکی تاریک کەوت
چاوم بە بنمیچێکی گزیری و
ژوورێکی پڕ دەلاقە و
تاقیسکەیەکی بڵند و
فانۆسێکی کز و
ئاوێنەیەکی درێژ و
سندووقێکی ڕەنگاوڕەنگ کەوت
هەر لەنێو ئەم سێگۆشەیەدا زمانم هاتە گۆ
فێری ئەوەبووم بڵێم (نا)
لەنێو ئەم سێگۆشەیەدا
خەمی نان و ئازارەکانم
بوون بە یەکەمین مامۆستام
کتێبیش بوو بە نزیکترین هاوڕێم
ئازادییش منی بە شیعر ئاشناکرد
لە کتێبەکانمەوە فێری ئەوەبووم
هەمیشە خەون ببینم
مامۆستاکەشم فێری کردم
بەدوای خەونەکانمدا بڕۆم
لە قەڵەمەکەشم فێری ئەوە بووم
ببم بە خۆم و هەموو دەم هەر خۆم بم
هەر خۆم بم و
ملکەچی هیچ هێزێکی ئاسمانی و
هیچ پاشا و گەدا و کوێخایەک نەبم
لەنێو ئەم سێگۆشەیەدا
عەشق فێری ئەوەی کردم
بەسەر پشتی مەرگ بازبدەم و نەکەوم
بەنێو کۆڵانە پێچاوپێچەکانی
گەردەلوول و ڕەشەبا و تۆفان
تێپەڕم و نەکەوم
بەنێو ئۆقیانووسی
نائومێدی و تەنیایی و عەبەسییەتدا



بپەڕمەوە و نەکەوم
لە کاتی دەرگا لەسەرخۆداخستن و
لەنێو خەیاڵە شوومەکانی خۆکوشتنیش
شیعر دەستم دەگرێت و
بە چرپەوە پێم دەڵێت
(ئەی شاعیرە ڕۆژهەڵاتییەکە
هەڵسەوە
خۆرەتاو فەرشی نارنجی بۆ ڕاخستوویت
بەردەوام بەوە/ تۆ لەودیو سنوورەکانی مردنیت ...!)
هەر لەنێو ئەم سێگۆشەیەدا
فێری ئەوە بووم
خۆم و خەونەکان و
مرۆڤ و ماسییەکان و
ئومێد و ئاوێنەکان و
پاییز و پەپوولەکان و
باران و باڵندەکان و
نەسیم و نێرگزەکان و
شەپۆل و شەوەکان و
برووسکە و باخچەکان و
ڕێواس و ڕووبارەکان و
سێو و سنەوبەرەکان و
هەموو شتە جوانەکانم خۆش بوێن
ئەم سێگۆشەیەی من
گۆشەیەکی بە نوونی نیشتمان و
گۆشەیەکی تری بە میمی مرۆڤ و
دواهەمین گۆشەشی
بە ئای ئازادی/ دەورەدراوە
نوون نوون نوون
میم میم میم
ئا ئا ئا
نیشتمان/ مرۆڤ/ ئازادی
مرۆڤ/ ئازادی/ نیشتمان
ئازادی/ نیشتمان/ مرۆڤ
هەمیشە وا هەست دەکەم
من بۆ/
نیشتمان و مرۆڤ و ئازادی
هاتوومەتە دنیا
هەربۆیە لەوەتەی هەم
عاشقی ئازادی و نیشتمان و مرۆڤم
لەوەتەی هەم
هەر بۆ/
مرۆڤ و ئازادی و نیشتمان
دەنووسم
چونکە هەر لە ئەزەلەوە
من پێکهاتە و من هاوکێشە و
من شنەبای/ ئاماژێکی سەرکەشم ...!

**حوزەیرانی ٢٠١٧**